سەمەرە و سەسورمان لزوومی نییە چونکە نەك تەنها شۆرش بەڵکو هەموو چالاکی و کردارەکی کۆمەڵایەتی هەیە شێوەیەکی وەها پەیدادەکا کە لە چالاکیی تاکدا نادیتریَ، تەنانەت سەپانی دەغڵ لە هەرەوەزی دۆستانەدا برشتێك پەیدا دەکا لە دروێنەی عادەتیدا بەخۆیەوە نابینیَ وەیا ئەو گەنجەی دەتوانیَ لە شاییی رەشبەڵەکدا چەندین سەعات لە دەست (دۆ)ی[1] شلکدا هەڵپەریَ ناتوانیَ چاریەکی ئەوەش لە هەڵپەرکێی تەنیادا بەردەوام بیَ. لەگەڵ ئەمەشدا دەبیَ بڵێم مرۆڤ لە هەرا و بگرەبەردەدا پتر تاو دەگریَ نەك لە کاری عادەتیی دروستکردن و کەیف و هەرەوەزدا، خۆ ئەو تاکانەی حەز لە هەرا و مەزاد دەکەن لە ئاژاوەدا وەها دەکەونە گەر دەڵێی وەك پاتری لەلاوە بەمەکینە هێزی بزۆزی و نەسرەوتن و نەخەوتن و نەوەستانیان تیَ دەکریَ. ئەو تەرزە کەسانە لەلایەن نەسرەوتن و کۆڵ نەدانەوە قیاسیان لەو مرۆڤ خاسانە ناکریَ کە زۆر حەز بەچاکە دەکەن. پیاوی چاکەخواز گەلێك زووتر ماندوو دەبیَ لەو کەسەی نەفسەکەی پاڵی پێوەدەنیَ بەرەو خراپە و هەروگیف.

وابزانم پاشماوەی غەریزەی جانەوەری لە مرۆڤدا کە بەخەبەر دیَ و پەت دەپسێنیَ ئەو زێدە تین و تاوەی تێدا بەرەڵڵا دەکات و خێرا بەرەو کاری بەدی لیَ دەخوریَ. ئەمە لە لایێکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هەرچی چاکەیە بریتییە لە ئەرك و بەخشین کەچی دامرکاندنی حەز و شەهوەت و دەست بەسەردا گرتن و لەزەت بردن و شتی ئەوتۆیی کە لەسەر حیسابی غەیر تەواو دەبیَ ئەرکەکەشی بەشێکە لە پێکهێنانی ئارەزوو. وادەزانم هەرچی تیژرۆیی بیَ بەعادەت پشت لە مرۆڤایەتییە، بەلاَم پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی بەری تیژرۆیی وێرانکەر دەگریَ بۆ خۆشی تیژرۆ بیَ دەنا زوو کۆڵ دەدا.

بەهەمەحاڵ دەماری غەریزەی جانەوەری تا ئێستاش لە مرۆڤدا بەفرکەیە و دەبیَ لە هەموو مامڵەتی کۆمەڵایەتیی گشتیدا تیَ بخوێندرێتەوە نەکا ئارەزووی تایبەتی زاڵ بیَ بەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵدا. ئەم دەمارەی جانەوەری لە سەدی سەد بابەتی زاتە. لە غەلەبەکردنی دەماری جانەوەری وێنەیەکت بەبیر دەهێنمەوە، رۆژی دوای کوژرانی نوری سەعید لە ١٦ وەیا ١٧ی تەمووزی ١٩٥٨ کۆمەڵەك خەڵق تەرمەکەیان لە قەبر دەرهێنا و بەقرچەی گەرمای نیوەرۆی چلەی هاوین ئەم تەرمە بریندارە بێن تیَ گەراوەیان بەکووچە و شەقاماندا رادەکێشا تا دەبوورانەوە.. ئەوسا گوتم گەنجێکی

---

(١) ئەو ئافرەتەی لە دەستی پیاو هەڵپەرکیَ دەکا پێی دەڵێن (دۆ). وشەکە لە (دۆت – بەواتای کیژ –، دختر، daughter)ەوە هاتووە، چ پێوەندیی بە (دۆ) و (ماستاو)ەوە نییە.

